# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٥٩) - دوو شەممە ٢٠١١/١٠/٣ ز - ساڵی حەڤدەهەم
١١ی (ڕەزبەر)ی٢٧١١ی کوردی- ٦ی (ذی القعدة)ی ١٤٣٢ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە




بەرەو کۆنگرەی شەشەم: تیشکێک لە مەسەلەی دەعوە و سیاسەت ل٤



هیوا میرزا صابر:
یەکگرتوو هەردەم بۆ هاتنە پێشەوەی گەنجان کاری باشی کردووە و قۆناغی نوێش ئەوە دەخوزازێت

لە ژمارەی داهاتوو دیمانەیەک بخوێنەوە


دەستپێشخەریەکەی نوجەیفی ٥

ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێل و خاڵێکی گرنگ ٧

گۆڕانە ژیارییەکان و جیهانی ئیسلامی ١١

ئیلاهی! لەوە کەمترم بمخەیتە بەر سنگی دۆزەختەوە. ١٢


## ئەمڕۆ هەڵوێستی خۆیان یەکلادەکەنەوە

# پۆستی سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایان بە لای لیستە هاوبەشەکانەوە هێلی سوورە

**تایبە-یەکگرتوو**

**بڕیارە ئەمڕۆ هەڵوێستی کۆتایی لیستی هاوبەشی مامۆستایان لەبارەی بەشداری کردنی لە کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان یەکلابکرێتەوە**

دوای ئەوەی دوێنێ بۆ ماوەی چوار کاتژمێر هەر چوار لیستی هاوبەشی (سەردەم، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سەربەخۆکان) تاوتوێی پرسی بەشداری کردنیان لە کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایان کرد، سەرەنجام گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە پۆستی سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان هێلی سورەو، شاندی دانوستکاری لیستی هاوبەشی مامۆستایان سەرپشک بکرێت لە گفتوگۆکردن لەگەڵ لیستی مامۆستایانی کوردستانی (یەکێتی و پارتی) بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی تەوافوقی تاکو سەرجەم مامۆستایان بەشداری کۆنگرەکە بکەن.

سەرچاوەیەک لە لیستی هاوبەشی مامۆستایان بە ڕۆژنامەی یەکگرتووی ڕاگەیاند کە ئەمڕۆ دواهەڵوێستی خۆمان لەبارەی بەشداری کردن لە کۆنگرەی مامۆستایان ڕادەگەیەنین و چاوەڕێی دانوستانەکان دەکەین لەگەڵ لیستی مامۆستایانی دەسەڵات (کوردستانی)، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەحوکمی ئەوەی زۆربەی دەنگی مامۆستایانی ئۆپۆزسیۆن و سەربەخۆکان لەپارێزگای سلێمانیە، بۆیە بەلای ئێمەوە سازش کردن لەسەر پۆستی سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان هێڵی سورە، بەگوێرەی دەنگ و قەبارەو ئیستحقاقی ئینتیخابی خۆمانەوە مافی وەرگرتنی چەندین پۆستمان هەیە لەناو یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئەمەش بۆ خزمەتکردنی مامۆستایان و چاکسازی کردن لەو ڕێکخراوە.

ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی ڕاگەیاند کە زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە لەلایەنەکانی (سەردەم، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سەربەخۆکان) لەگەڵ بەشداریکردنن لە کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایان بە مەرجێک سازش لەسەر پۆستی سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان نەکرێت.

## دکتۆر عەلی قەرەداغی:
# یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان پشتگیریی تەواو لەو شۆڕشانە دەکات

**(٢٠١١/١٠/١) لە شاری تارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆنگرەی پێنجەمی پشتگیری لە ڕاپەڕینی گەلی فەڵەستینی دەستی پێکرد، بڕیارە ماوەی دوو ڕۆژ لە ژێر ناونیشانی (فەڵەستین نیشتیمانی فەڵەستینیەکان)ە بەردەوام دەبێت و باس لە ڕێگەکانی یارمەتیدانی گەلی فەڵەستینی بۆ گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی دەکات.**



لەو کۆنگرەیەدا شاندی زیاتر لە حەفتا وڵاتی جیهان بەشدارن و لەلایەن عێراقیشەوە شاندێکی ئەنجومەنی نوێنەران بە سەرۆکایەتی ئوسامە نوجەیفی سەرۆکی ئەنجومەن بەشدارە.

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی نوسینگەی پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی قەرەداغی ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان، لە میانەی کۆنگرەکەدا ناوبراو وتارێکی خوێندەوەو تێیدا ئاماژەی بە گرنگی فەڵەستین و شاری قودس بەلای موسڵمانانەوە کرد و وتی : کێشەی فەڵەستین ، کێشەی یەکەمی سەرجەم موسڵمانانی جیهانە و لاوازی و بەهێزی موسڵمانان لەوێوە دەردەکەوێت، ئێستاش نیشانەکانی سەرکەوتن یەک دوای یەک دەردەکەون و دوارۆژیش بۆ موسڵمانانە..

قەرەداغی پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ئەو کۆنگرەیە لە کاتێکدایە کە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە چەند وڵاتێک سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، ئەوەش ڕێگای سەرکەوتن لە فەڵەستین کورتتر دەکاتەوە.

ئەو گوتیشی : ئێمە وەک یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان پشتگیریی تەواو لەو شۆڕشانە دەکەین و هەروەها ڕاشیدەگەیەنین کەوا سەرجەم هەوڵەکانی دانوستان و ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل شکستیان هێناوە، بۆیە پێویستە گەلانی موسڵمان خۆیان بۆ پاڵپشتی لە گەلی فەڵەستین ئامادە بکەن.

## ڕاپۆرتێکی شیکاری
# ئۆپۆزسیۆن لە بەردەم بەشداری کردنی لە حکومەتی ئینتیقلیدا


ل٢


## سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی هەیکەلی حیزب:
# باس لە ئامادەکاری و ئەک و کارەکانی لیژنەکەی دەکات.




# نەهاتنی ڕێکەوتننامە هاوبەشەکانی وەزارەتەکان بۆ پەرلەمان، نیگەرانی لێ دەکەوێتەوە

**نەهاتنی گرێبەستی وەزارەتەکان لەگەڵ کۆمپانیایەکان بۆ پەرلەمان، نیگەرانی لێ دەکەوێتەوەو دوو ئەندامی لیژنەی یاسایش ئاماژە بەوە دەکەن کە نەبۆتە عادەت گرێبەست و ڕێکەوتنی وەزارەتەکان لەگەڵ کۆمپانیاو دەزگا بیانیەکان بێنە پەرلەمانی کوردستان**

دوای ئەوەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی سوید مۆر کرد بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی بۆ پەرلەمان بخرێتە ڕوو، لەم بارەیەوەی پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی (عومەر عبدولڕەحمان) لەبارەی ئەگەری یاسایی بوونی ئەو ڕێکەوتنامانەی کە تەنیا وەزارەتەکان پێی هەڵدەستن بەبێ ئاگایی پەرلەمان بە ڕۆژنامەی یەکگرتووی ڕاگەیاند: «نازانم ئەو ڕێکەوتنامانە یاسایین یان نا، ئەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەیزانن و ئەوەش ئیشی من نیە«.

لە لایەن خۆشییەوە (کاردۆ محەمەد) ئەندامی لیژنەی یاسایی دەڵێ:»لە پەرلەمانی کوردستان نەبۆتە نەریتێک بۆ ئەوەی ئەو گرێبەستانە بهێننە پەرلەمان و لە پەرلەمان قسە لە سەری بکرێ، چونکە پەرلەمانتار نوێنەری میللەتە، سەرەڕای ئەوە دەبێ وەکو لایەنێکی چاودێریش چاودێری بکرێ بەسەر دەسەڵاتی تەنفیزی، پەرلەمانتار ئەرکی ئەوەیە لەسەر هەموو کارو پرسەکانی کە حکومەت پێی هەڵدەستێ چاودێری بکات و پرسیار لە حکومەت بکات».


**ڕاپۆرتێک لە لاپەڕە(٥) بخوێنەوە..**